

# بیست‌و یەك كورتیلە چیرۆك

ئیبراهیم دەرغوسی
و/ شیرین. ك

مانگی ئەیلوولی ٢٠٠٧ لە ڕێگەی ڕۆژنامەی (الاتحاد)ەوە ئیمەیلێكم پێگەیشت لەلایەن نووسەرێكی تونسییەوە بەناوی (ئیبراهیم دەرغوسی) كە تیایدا داوای كردبوو چەند چیرۆكێكی وەرگێڕم بۆ سەر زمانی كوردی، وەكو بەشداریكردن لە یەكێك لەو پرۆژەی وەرگێڕانەدا كە تونس لە ساڵی ٢٠٠٨دا ئەنجامی دەدا، لەبەر ئەوەی ساڵی ٢٠٠٨ كراوە بەساڵی وەرگێڕان لە تونس.

تا ئەوكاتەی یەكەم ئیمەیلی نووسەری ناوبراوم بەدەست گەیشت چیرۆكەكانی بۆ (١١) زمان وەرگێڕدرابوون (فەرەنسی، ئینگلیزی، ئەڵمانی، ئیتاڵی، پۆڵەندی، روسی، بولگاری، فارسی، عیبری، هیندی، بەربەری...)و لە ئیمەیلەكەدا دەڵێ: هیوادارم زمانەكەی تۆش دوازدەهەمین زمان بێت..

ئەوەی هانیدام چیرۆكەكانی لێوەرگرمو وەریانبگێڕم، یەكەم: چیرۆكەكانی زۆر جوان بوون وەكو بیرۆكەو ئاستی هونەریو تەرحو گەلێ لایەنی تر دووەم: پێم باش بوو لە پرۆژەیەكی وادا بەشداربمو دواجار ئەو تەرجەمانە هەمووی وەكو كتێب چاپدەكرێن، كارێكی باشە زمانی كوردییش لەپاڵ ئەو زمانە زیندووانەدا دابنرێ..

ئێستاش وای بەباش دەزانم ئەم چیرۆكانە لەم گۆڤارەدا بڵاو بكەمەوە تا خوێنەری كورد بیبینێ، بەو هیوایەی سوودو چێژی لێوەرگرێ.

**شەهید**

کاتێ لە دەرگای گۆڕستانەکەوە چوومە ژوورێ، چاڵەکە رووبەرووم بووەوە کە هەر لە برینێك دەچوو لە سەرەتای خەلیقەتەوە خوێنی لەبەر بروا. چووم لە پاسەوانی گۆڕستانەکە بپرسم کێ ئەو گۆڕەی هەڵداوەتەوە؟ وتی: دوو رۆژ لەمەوبەر چەند پیاوێکی گرنگ هاتن بۆ کۆکردنەوەی ئەوەی لە ئێسكو پروسکی شەهیدانی شۆڕش مابووەوە تا لە گۆڕستانی سەربەخۆییدا بینێژن. پێموت: ئەمە گۆڕی ئەو جاسووسە بووە کە سوپای فەرەنسای بردە سەر شوێنی کۆبوونەوەی شۆڕشگێڕەکانو لەناکاو پەلاماریان دان، ئا ئەمەیان کوشت کە تائێستا لەژێر ئەم خۆڵەدا راکشاوە، بەڵام هاوڕێکانی تری بە نێو تاریکیدا هەڵاتن.

پاسەوانەکە وتی: گۆڕەکانم لێ تێکچوو، ئا ئەوەم نیشاندان. ئاماژەی بۆ ئەو چاڵە کرد کە گۆڕی ئەو پیاوەی تیابوو، کە دواتر شۆڕشگێڕەکان دوای ئەوەی سوپای فەرەنسا گەرەکەکەیان جێهێشت، گەڕانەوەو سەریان بڕی.. هەروەها پاسەوانەکە وتی: ئەو سنووقەی ئێسكو پروسکەکەی تێکرا، دوایی بە ئاڵای نیشتمان پێچرایەوەو ئەفسەرەکە سەلامێکی سەربازیی بۆ کرد.

تەماشایەکی گۆڕی ئەو شەهیدەم کرد کە هێشتا لە گۆڕستانی غەریباندا راکشابوو، هیچم نەوتو قسەکەم قووتدایەوە.

**سنووق**

هەر لە بەیانی زووەوە چەندین ریزی درێژ درێژ لە بەردەم دەرگاکەدا وەستاون، خاوەنی ئەو شانو ئانیشکانەی پاڵیان بەیەکەوە دەنا، هاوار هاواریشیان بوو هەروەکو ئەوەی لە رۆژی حەشردابن.

ئینجا یەك لە دوای یەك دەچنە هۆڵێکی فراوانەوە کە پڕە لە پیاوی گرنگ. کاغەزی سوورو زەردو سپیو سەوزو شینو پرتەقاڵیو مۆرو پەمەیی هەڵدەبژێرنو بە بەردەم سنووقێکدا دەڕۆن، کە لە بلووری روون دروستکراوە. کاغەزەکان دەخەنە ناویو لە دەرگای هۆڵەکەوە دەچنە دەرێو تەماشای ئەو قفڵە زەردە دەکەن کە دەمی سنووقەکە لەسەر پەلکەزێرینەکە دادەخات. ئێوارە سنووقەکە بەرزدەکرێتەوە، هەروەکو زاوا دەخرێتە سەرشان، قفڵەکە دەکرێتەوە بۆ ژماردنی کاغەزەکان. سەیر لەوەدایە ئەو پیاوە گرنگانەی ئەرکی جیاکردنەوەی کاغەزەکانیان پێ سپێردراوە پرۆسەکە ماندوویان ناکات، ئەرکەکە بە ئاسانیو خێرایی جێبەجێدەکەن.. لەبەر ئەوەی رەنگی خۆڵەمێشی خەمهێنە!.

پەلکەزێرینەکە یەك رەنگی گرتووە.

**گرتووخانە**

لە تاریكو روونیدا، حەسحەسەکان هاتنو بە پێڵاوە قورسەکانیان زەویی گرتووخانەکەیان دەکووتا. پێش ئەوەی دەرگاکەی لێ بکەنەوە لە خەو خەبەری بووەوە، دانیشتو چاوانی هەڵگلۆفت بەو دەستانەی کە خەریکبوو سەرما لە گۆی دەبرد. بەرپرسی مەفرەزەکە فەرمانی پێکرد هەستێتە سەر پێ. هەستا، پیاوانی پۆلیسی سەربازی رۆیشتنو ئەمیش کەوتە پێشیان، کە گەیشتە گۆڕەپانی جێبەجێکردنی لەسێدارەدانەکە یەك کۆمەڵ زیندانیی بینی، کە دەستو پێ کەلەپچەکراوو چاوبەستراو بوون. لە دڵی خۆیدا وتی: لەم رۆژە زستانییەدا چەند زۆرن، لەمە زیاتری نەوت، لەسەر ئیشەکەی راهاتبوو. بەرپرسی مەفرەزەکە چەقۆکەی بۆ درێژکرد، دەستیکرد بە سەربڕینی ئەو پیاوانەی لەسەر زەوییەکە کەڵەکە بووبوون. یەك لە دوای یەك کەوتە سەربڕینیانو لەگەڵ سەربڕینی هەریەکێکیاندا بیسمیلای دەکرد.

**قەڵای پارێزراو**

لەناو دەرگای هۆڵی چاوەروانیکردنەکەدا وەستام کە پڕبوو لە نەخۆشو یاوەرەکانیان. مناڵی ساوا لە باوەشی دایکانیاندا، پیرەژنێك لەسەر زەوییەکە پاڵکەوتبوو و خەوتبوو، ژنێکی گەنج زوڵملێکراویی خۆی بۆ ژنەکەی تەنیشتی باسدەکرد بەدەست کورەکەیەوە، کە هەر ئەوەندەی چاك دەبێتەوە بۆ رۆژی دواتر دەبرێتەوە نەخۆشخانە، پیاوێکی پیر داوا لە ژنەکەی دەکات مناڵەکەی بخەوێنێ، چونکە ئەوەندە بەنێو ریزەکانا رایکردووە ماندوو بووە.

لەپڕ هاتە ژوورەوە، پیاوێکی رێکپۆش، لە چلەکانی تەمەنیدا بوو، چاوی بەلای راستو چەپدا گێرا، ئینجا

ژنێکی پیری هەڵبژارد کە رووخساری چاکەی لێدەباری، لێی چووە پێشەوەو کتێبۆکەیەکی پێشکەش کردو وتی:
ئەمە قەڵای پارێزراوە، رۆماتیزمو ژانەسەرو لووی سەرەتانی پیسو دەردەدڵو هەموو دەردێکی تر چارەسەر دەکات، خانمەکەم بەتەنیا نیو دینار بدە بەم سەروەتە. ژنەکە دەستی درێژ کرد بۆ جانتاکەیو پارەکانی دەرهێناو کتێبەکەی تیا پاراست. پیاوەکە دەرۆیو زەردەخەنەکەی پێشی دەکەوتو کتێبەکانی بەسەر نەخۆشو یاوەرەکانیدا دابەشدەکردو پارەی وەردەگرت. ناسیمەوە، لە رووخساریدا ئەو پزیشکی تەندروستیی گشتییەم بینی کە رۆژێ لەرۆژان پادشای نەخۆشخانەکە بوو، هیچم نەوت. کاتێك کە پەرستیارەکە لەبەردەم دەرگای پزیشکەکەدا وەستاو دەستیکرد بە بانگکردنی نەخۆشەکان، من تەنیا بوومو هۆڵەکەش چۆڵ بوو، هۆڵە گەورەکەی چاوەروانکردنو مناڵە بچکۆلەکەشم لە حەوت خەودا بوو.

**پیاڵە چای سەوزی بە نەعنا**

دەزانم تۆ حەزت لە چای سەوزو شەرابو ژنە، حەزت لە چای سەوزی بە نەعنایە، هەموو رۆژێ ئەوەندەی لێدەخۆیتەوە بەشی ئەوە دەکات پاپۆرێکی جەنگی نقوومبکات، حەزیشت لە بیرەیە (ئادەی دە دانە بێنە)وا بە بەردەستەکە دەڵێی، بەوە رازی نابی یەك دانەت لەپێش بێت، بە دوانیش رازی نابی، هەموو شووشە بیرەکان لەسەر مێزەکە ریزدەکەی، دەستیان لێدەدەی، دەیانلاوێنی بەخۆتو هاوەڵەکانت دەڵێی چەند ساردن، بەقەد ئەو مناڵەش دڵخۆش دەبی کە یەکەم چۆلەکەی راوکردووە.

حەزیشت لە ژنانە

ژنی ئەسمەرو چاو مانگا، وا من ئەمرۆ پیاڵەیە چای سەوزی بەنەعنام بۆ هێناوی، پیاڵەیەکی گەرم هەڵمەکەی بەهەوادا پەرشو بلاودەبێتەوە. بیرەی ساردیشم بۆ هێناوی، بیرەیەکە ئارەقەکەی بەسەر زەوییەکەدا دەتکێ، بەڵام ژنان قایل نەبوون لەگەڵم بێن. هەموویان لێت ترسانو رازی نەبوون بێنە لات، هەرچەندە بەپارەوپوول فریومدان، هاورێم نابینی چۆن وات لێهاتووە ژنان دەترسێنی؟

لێت دەترسن هەروەکو ئەوەی دێو بی، دێوێکی نێو خورافاتەکان، تف لەم دونیا سۆزانییە.

پەرداخەکە بگرە، بیگرەو بەتەنیا خۆت لێیبخۆرەوە تا تینوێتیت دەشکێ، شووشە بیرەکان بگرە، بیگرەو بەهیچ هاودەمێك رازی مەبە لەگەڵتا بخواتەوە.

کە جێ لەپی دەستیم بینی لەسەر شووشە بیرە تەزیوەکە دەرچوو بوو لە قسەکردن وەستام، بینیم لەنێو شووشەکانەوە سەیر دەکات، پیاڵەو بیرەکەم بۆ جێهێشت.. دڵم لەسەر گۆرەکەی جێهێشتو رۆیشتم..

کە گەیشتمە نزیك دەرگای گۆرستانەکە، بینیم لەسەر گۆرەکە دانیشتووە بیرە دەخواتەوە، لە خۆشیدا دەلەرزیمو وتم: کەواتە رۆژی قیامەتە، بەرەو رووی رامکرد، بینیم پەرداخی بیرەکە نیوەیەو گەڵا نەعناکانیش سیس بوونو لەنێو پیاڵە چاکەدا دەلەرزن.

**تەڵاق**

قازییەکە بە ژنو پیاوەکەی وت کە لە بەردەمیا دانیشتوون:

-تکایە خۆتان یەکلایی بکەنەوە، ئەمە دوا جەلسەی ئاشتکردنەوەیە بزانن کە خراپترین حەڵاڵ لای خوا تەڵاقە.

پیاوەکە وتی: جەنابی قازی تکایە هەر ئێستا ئەم مەسەلەیە کۆتایی پێبهێنە، مارەییەکی زۆریش دەدەم ئا بەم ژنە بە مەرجێ پەروەردەکردنی مناڵەکان بداتەوە بە من. جەنابی قازی ئەم ژنە بەڵایەکەو خوا داوێتی بەسەر بەندەی داماوی خۆیدا.

ژنەکە وتی: بمبەخشە جەنابی قازی، من ئەو مارەییە زۆرەی ئەو رەت دەکەمەوە، لە مرۆ بەدواوە ماڵێك منو ئەم پیاوە لەخۆی ناگرێ، گەورەی بەخشندەم بە تەنیا ئەوەم دەوێ دوورو نزیك درۆکانی بزانن، رۆژێ لە رۆژان راستگۆنەبووە. ئەم پیاوە هەر رووم وەرگێرا خیانەتم لێدەکات، جەنابی قازی ئەم پیاوە شاعیرە، شاعیران قەت راستییان وتووە؟ گەورەم ئەم پیاوە ئەشکەنجەی منە لەم دونیا فانییەدا، نازانم ئاخۆ لە قیامەتدا بەچی ئەشکەنجە دەدرێم؟ شت هەیە خراپتر بێت لەوەی لەگەڵ پیاوێکی وادا ژیان بەسەر بەری؟

بۆ سبەی هەموو رۆژنامەکان لە بارەی تەڵاقی سەدەوە نووسیبوویان، لاپەرەکانیشی بە وێنەی: جەمیلو

بوسەینە رازابووەوە..

جەمیل: شاعیرێکە لە سەدەی هەشتی زاینییدا ژیاوە.

بوسەینە: دڵدارەکەی جەمیلە.

هەردووکیان چیرۆکێکی خۆشەویستیی گەورە ژیاون لەو زەمەنە دێرینەدا.

**پشیلەکان بەشەو کەروێشك دەدزن**

هەست بە هەنگاوە لەسەرخۆکانی دەکەم لەسەربانەکە، سێبەرە درێژکۆلەکەشی لەسەر دیوەکەی بەرامبەر ماڵەکە دەبینم، دەڵێی هەستم بۆی بەخۆمو بەردو جنێوو چاو لێسورکردنەوەوە، لە قەراغ دیوارەکە بە میاوە میاوی تیژو بەردەوام پێشوازیم دەکات، سەرنجم دەوروژێنیو شوێنەکە بەجێدێڵێتو دەڵێ (کە خەوتی دەگەڕێمەوە) بەردێکی بەدوادا دەهاوێژم، دەڕۆم سەرێکی کولانەی کەروێشکەکان دەدەم.. کە گوێم لە زریکەکە دەبێت، لە پێخەفەکەم قەڵەمبازێك دەدەم، بەپێی پەتی لە ماڵ دەردەپەڕم، هەوا ساردەکەی شەو یەکجار دەمبڕێو زریکەی کەروێشکەکەش دووجار دەمبڕێ، سێبەری پشیلەکە بە درێژکۆلەیی لەسەر دیواری ماڵە دراوسێکە دەبینم، بۆ یەك چرکە دەوەستێ، کەروێشکەکە لە نێوان دەمو قەپۆزیدا لنگە فرتێیەتی، زریکە خەمناکەکەشی دڵم وردو خاشدەکا، هەروەکو ئەوەی بە چەقۆ لەتوپەتی کەن، پشیلەکەش بە بڕوا بەخۆبوونەوە تەماشای لای من دەکا، هەروەکو ئەوەی بڵێت: ئەی گەلحۆ پێم نەوتی کە خەوتی دەگەڕێمەوە....

دەگەڕێمەوە ماڵەوە، ئەو فانۆسەی بە بنمیچەکەدا هەڵواسراوە دادەگیرسێنم، پەنجەرەکە دەکەمەوە، بە قەراغی پەنجەرەکە چەقۆیەك تیژدەکەمەوەو دەیدەم لە برینە سارێژبووەکەم، بە خوێنەکەم لە دەوروپشتی برینەکەم دەنووسم: پشیلەکان بە شەو کەروێشك دەدزن وا نییە؟

**غیرە**

پیاوەکە زۆر عاشقی کۆتر بوو، بە گمەکەی شاگەشکە دەبوو، بەڵام حەزی نەدەکرد بە بەندکراوی لە قەفەزدا ببینێ، گەر ئەو قەفەزە بەقەد دنیاش فراوانبێ، لەگەڵ کولانەی ئەو کۆترانەدا گەورە بوو کە لە سەربانەکان دروستکرابوون، لەگەڵ باڵە تەپێو جووکە جووکی بێچوەکانی نێو هێلانەکاندا گەورە بوو، ئەوکاتەی دایکەکە لێیان نزیکدەبووەوە تا شیلەی ژیانیان بکات بە قورگا، شەیدای ئەوەبوو کە دەیبینی نێرەکان چۆن موغازەلەی مێیەکان دەکەن بەو ناسکییەی کە ئادەمیزادە عاشقەکان ناتوانن بیکەن، بەڵام تازە چیبکات لە شار نیشتەجێ بووەو شوقەیەکی لە ئەپارتمانێکا بەکرێ گرتووە، شوقەیەك هەر تۆزێ لە قەفەز گەورەترە.

دوێنێ بە ژنەکەی وت: ئاخۆ دەکرێ جووتێ کۆتر لەم ماڵەدا ڕاگرین؟ ژنەکە هاواریکرد، وتی: جووتێ کۆتر.. هیچی تری نەوت. پیاوەکە بەخۆیو قەفەزێکەوە گەڕایەوە ماڵ. ژنەکە وتی: ئەوە قەفەزی چۆلەکەیە، لەبری کۆتر، کەناری بەخێو دەکەین؟

پیاوەکە وتی: نا.. بە باڵندەفرۆشێکم وتووە جووتێ کۆترم بۆ دانێ..

ئێوارێ بە خۆشییەوە گەڕایەوە ماڵەوە، جووتە کۆترەکەی خستە قەفەزەکەوەو لە بەردەمیانا بە چۆکدا هات، سەیری ئەو جەستە بارێکەلەی دەکرد کە بە پەڕێکی نەرمی مۆرباو داپۆشراوبوو، وتی: بێگومان، ئا ئەمەیان نێرەکەیە.. لە جووتێ چاوی ڕەشو دەنووکێکی وردو کلکێکی سەماکەرانە ورد بووەوەو وتی: ئەمەش مێینەکەیە، دیارە کە زیاد لە پێویست بەنازە.

ژنەکەی لە نزیکەوە لەم دیمەنەی دەڕوانیو بەخۆی دەوت: جووتێ کۆتر لەم شوقە بچکۆلەیەدا! پیاوەکە نەخەوت تا گوێی لە گمەی کۆترەکان بوو.

ژنەکە حەوت ساڵ زیاترە شووی پێکردووە، مێردەکەی خۆش نەویستووە، چەندینجار بەخۆی وتووە، ئاشنایەتیو پێکەوە ژیان خۆشەویستی دێنێ.. بەڵام خۆشەویستی هەر نەگەیشت، دڵ لە شوێنێکی دیکە وێڵ بوو و داوەتی ژنەکەی ڕەتدەکردەوە، قەفەزی دڵی بە بەتاڵی هێشتەوە، ژنەکە بێ دڵ دەژیا..

دوێنێ ژنە خەون نەچووە چاوی، مێردەکەی دەیپرخاند، ژنەکەش لەنێو بێدەنگیی شەو و تەنیاییدا گوێی لە گمەی خەمناکی کۆترەکە دەگرت، لەبەر تریفەی کزی مانگەشەودا دەنووکی نێرەکەی بینی لە نێو دەنووکی مێینەکەداو گوێی لە نرکە خنکاوەکانی بوو، لە چاوانیا پاڕانەوەی دەدی، سەیریکرد چۆن بە دەوری مێینەکەدا

دەخولێتەوە، مێینەکەش نازدەکاتو داوای زیاتر دەکات.

ژنەکە وتی: من بەرگەی دڵداریی کۆتر ناگرم، ئەمە لەوە زیاترە بەرگەی بگرم، هەستاو دەرگای قەفەزەکەی کردەوە.

**کەروێشك بۆ مردووەکانی ناگری**

یەکەم رۆژ، لە بەیانییەکی زوودا، بە دزیی خۆرەوە، کەروێشکەکان کونەکەیان جێهێشت، یەکەمجار کەروێشکە رەشە هارەکە هاتە دەرێ، ئەوەی پەڵەپەڵەی سپیی تیایە، لە دەمی کونەکەوە دەرپەری، ئەو کونەی بە وردی لە ژێر زەیتوونەکەدا هەڵکەنراوە لە لاتەنیشتی دۆڵەکەدا، بازێکی بەرزی داو لە پشت گردۆڵکەکەوە دیارنەما.

کەروێشکە خۆڵەمێشییەکە بە ترسەوە شوێنی کەوت بۆنی هەوا تەرو برەکەی کرد، پژمی، ئاوری بۆلای راستو چەپی دایەوەو لە نێو گژوگیا زۆرەکەدا ون بوو، سێیەمجار کەروێشکە قاوەییەکە هاتە دەرێ، تۆزێ لەبەردەم کونەکەدا وەستا، سەری باداو سڵاوی لە خۆرە گەورە کردو بەدوای کەروێشکە خۆڵەمێشییەکەدا بازیدا.

ئێوارێ ئەو کاتەی خۆرە قورسەکە لە پشت چیاکەوە ئاوابوو، کەروێشکە رەشەکە لەپشت تاشەبەردێکەوە دەرکەوت، ئینجا بە سووکەڵەیی بازیدایە نێو کونەکەوە، دوای چرکەیەك خۆڵەمێشییەکە بە وریایی‌و چاوە زیتەکانییەوە گەیشت، بەڵام هەنگاوەکانی تۆزێ قورس بوون، لە تاریکیدا نووقمبوو، کەروێشکە قاوەییەکە هەروەکو تارمایی بەدوای خۆڵەمێشییەکەدا بازیدا، ئیتر جموجۆڵی بەردەم کونەکە هێمن بووەوە.

دوای سێ رۆژ

بەیانییەکەی، کەروێشکە قاوەییەکە یەکەمجار لە دەرکی کونەکەوە دەرکەوت، خۆڵەمێشییەکە بەدوایدا هات، ئینجا رەشەکە... کاتێ خۆرەکە گەیشتە ناوەندی ئاسمان، گوللە بەسەر کەروێشکەکاندا داباری، رووی ئاسمان رەشداگەرا.. ئێوارێ، کەروێشکە رەشەکە بازیدایە ناو کونەکەوە، دوای یەك دەقیقە قاوەییەکە بە هەنگاوی لەرزۆکەوە بەدوایدا هات، خەریکبوو دەرکی کونەکەی لێتێکبچێت.

دوای یەك هەفتە.

لە ئێوارەیەکی کشوماتدا کە هەر لە گۆڕستانێکی چۆڵکراو دەچوو، کەروێشکە رەشەکە بە تەنیا گەڕایەوە کونەکە، دوای دە رۆژ، خۆرە کزەکە ئاوابوو، جارێکی تر بوونەوەرێك لە دەرکەی کونەکەی نەدا.

دوای دووهەفتە، لە بەیانییدا، لە دەرکی کونەکەوە کەروێشکێکی رەشی پەڵەپەڵەی سپی هاتە دەرەوە، کەروێشکێکی خۆڵەمێشی بەدوایدا هات، ئینجا قاوەییەك شوێنیان کەوت، کەروێشکەکان گیای رووای بەردەم کونەکەیان بۆنکرد، ئاونگی سەر گوڵەکانیان لستەوە، ئەو گوڵانەی تازە بەتازە بەخەبەر هاتبوون، ئینجا بازیانداو لە پشت گردۆلکەکەوە ون بوون، سێ کەروێشکەکە بچکۆلانە بوون، تۆزێ لە مشك گەورەتر بوون، بە نێو کێڵگە فراوانەکەدا لێرەو لەوێ بە سووکەڵەیی هەڵدەقۆنانەوە، ئینجا هەروەکو ئەوەی ماندووێتیی هەموو دنیا بەسەریانا کەوتبێت، لە یەکتری نزیکبوونەوەو لەژێر سێبەری دار زەیتوونەکەدا خەوتن.

ئێوارێ، کەروێشکەکان گەڕانەوە کونەکە، سەرەتا کەروێشکە رەشەکە چووە ژوورێ، ئینجا خۆڵەمێشییەکەو قاوەییەکە، شەو بەسەر گردەکەدا داهات، رووی ئاسمان بەتریفەی مانگ رازایەوە.

**لەپی دەستو تەپڵ**

بە لەپی دەستت کێشات بە تەپڵەکەدا تا لەپی دەستت سوورهەڵگەڕا، بە توونددیو درندانە پیاتا ماڵی تا دەستت سڕ بوو، سڕبوونێکی خۆش بە هەموو گیانتا گەڕا، هەر وەکو تەزوویەکی کزی کارەبا، دواتر کە ئارەقە ناوچەوانی تەڕکردیو بە لاملتا هاتە خوارێ، وردە وردە هێوربوویتەوەو هەر وەکو هونەرمەندێکی چاپوك کەوتیتەوە لێدانی تەپڵەکە، ئاوازێکی خۆش لە نێو پەنجەکانتەوە هاتە دەرێ، کە هەروەکو خەونێکی گەرم وا بوو لە شەوێکی زستاندا.

ژنان بە خۆشییەوە هاواردەکەن، هەلهەلە لێدەدەن، دوو دوو، سێ سێ، چوار چوار دێنە نێو ئەڵقەی سەماکردنەوە، بە هەموو لایەکدا سمتیان بادەدەن، شارەزایانە سنگیان دەلەرێننەوە، خۆرازاندنەوەکانیان عەرزدەکەن: خەنەی نەخشێنراوی لەپی دەست، سوراوی سەر لێوان، چاوانی پڕ لە کل، دەمولێوی بەسواك

ڕەنگکراو، ژنەکان پاڵ بەیەکەوە دەنێن، پێدەکەنن، بەریەك دەکەون و لەیەکەوە دەژەنن، چاو دادەگرن و دەمێك بەسەر تەپڵەکەدا دەکەون و چەندین جاریش دەکەونە باوەشت، بۆ چەند چرکەیەك خۆیان خاودەکەنەوە ئینجا بە سوکەڵەیی وەکو باڵەفرکەی کۆتر رادەکەن..

تۆش بە عەقڵ هەموو شتێك دەبینی و لە مێشکتا دەنگو جووڵەکان تۆمار دەکەی، خەون بەوەوە دەبینی هەموویان ببنە موڵکی تۆ، بە خۆت دەڵێی:

-ئەمەیان خرپنەو دەلەرێتەوە، سەما چاك دەزانێ بێگومان شتی تریش چاك دەزانێ.

-ئەمەیان منالەو هێشتا لە سەرەتای گەشتەکەیدایە، بەڵام خانەدانەو گوێم لە ریتمی تەقەی پێیەکانێتی لەسەر زەوییەکە سەنگینانە دەستەکانی دەجولێنێ و عەترەکەشی خۆشە.

-ئەمەشیان هەروەکو سێبەری دار یاسەمین تەنکە.

بۆنی بوغوردو دارعودو جاوی و زیرەدێ هەلهەلە بەرز دەبێتەوە، هاورێ شمشاڵژەنەکەت تێتەوە دەژەنێت، تێدەگەیت کە ئاوازەکە لەنگ بووە، خەیاڵە شێتانەکەت بردوویەتی بۆ دوور، دەگەرێتەوە لای تەپڵەکەو بە لەپی دەستت پیای دەماڵی، تا دەستەکانت سڕ دەبن، جارێکی تر ئەڵقەی سەماکردنەکە دەوروژێ، ئەو فرسەتە دەقۆزێتەوە کە ژنەکان بێئاگان، دەستت دەبەی بۆ رووت، بە چاویلکە رەشەکەت رۆحە مردووەکەت دادەپۆشی.

**پرۆمۆسیۆس**

لە گۆڤارێکی ئەدەبیدا چیرۆکە سەیرو سەمەرەکەیم خوێندەوە، بریارمدا برۆم و لەو ئازارە بێکۆتاییە رزگاری بکەم، بە خۆشم دەوت: حالی مرۆڤ چەند سەیرە، خوداوەندێك لە نێو خوداوەندەکاندا لە ئاسمان دەژیا، ژیانی خوداوەندانە کەچی بەزەیی بە مرۆڤدا دەهاتەوە کە لە تاو سەرماو سۆڵە دەمرن، لە پێناویاندا قوربانی بەخۆشیی خۆی دەداو ئاگر لە ئاسمان دەدزێ و لەوسەری سەرەوەیەوە دەیهێنێتە خوارێ تا مرۆڤ پێی دڵخۆش بێت و ژیانی پربێت لە گەرمی و شادی، خوداوەندەکان لێی توورە دەبن، سزایەکی بەسەردا دەسەپێنن کە قەت کۆتایی نەیەت؛ ئەنجوومەنەکەیان حوکمی دوورخستنەوەی بەسەردا دەدەن و دەینێرن بۆ چیاکانی قەوقاز کە بە درێژایی ساڵ بەفر دایپۆشیوە، قوڵنگێك رادەسپێرن لە جگەری بخوا، کە هەمووی تەواو دەبێت سەرلەنوێ جگەرەکەی دروستدەبێتەوەو قوڵنگەکە دەگەرێتەوە سەرلەنوێ دەستدەکاتەوە بە خواردنی، پرۆمۆسیۆس-یش ئارامەو نە گلەیی دەکات و نە دەناڵێنێ، ئا بەمجۆرە لەو دێرزەمانەوە تا ئەمرۆمان، چیرۆکەکەم خوێندەوەو رۆیشتم لەم ئەشکەنجەیە رزگاریبکەم، وتم گرنگ نییە ئەگەر کەمێك دواشکەوتووم، گرنگ ئەوەیە ئەو خوداوەندە لەو ئەشکەنجەیە رزگاربکەم، دەمانچەیەکم کری و شەش فیشەکم تێکردو رۆیشتم بە دوای باڵندەکەدا گەرام، دوای ئەوەی پرسیاری ئەو چیایەم لە چەند شوانێك کرد کە لەو نزیکانە دەژیان، ئەو چیایەی خوداوەندە ئەشکەنجەدراوەکەی لێیە، یەکێکیان چیاکەی نیشاندام و ئاگاداریکردمەوە کە سەرکێشیی وا نەکەم، چونکە هیچ کەسێك لەوانەی ئەو رێگەیەیان گرتووەتەبەر نەگەراونەتە دواوە، بەڵام من سووربووم لەسەر ئەو سەرکێشییەو وتم: ئەوەی دەبێ با ببێت، لەم پێچ بۆ ئەو پێچ، لەم شاخەوە بۆ ئەو شاخ هەتا قوڵنگەکەم بەچاوی خۆم بینی دەنووکی لە کەلەکەی پرۆمۆسیۆس دەداو لە جگەرەکەی دەخوارد، ئارامم لێبرا، دەمانچەکەم لە کەمەرم هەڵکێشاو تەقەم لە دڵی ئەو باڵندەی ئازارە کرد، کەوتە خوارێ لە خوێنی خۆیدا دەگەوزا، لەبەر پێیەکانی ئەو خوداوەندەی بە هەموو گەورەیی خۆیەوە لەسەر لووتکەی شاخەکە وەستابوو، بینیم ئاگر لە پەری باڵندەکە بەربوو، ئینجا بوو بە تیشکێکی رووناك، بینیم خوداوەند دەستی لە شوێن برینەکەی دەدا، بەو دەستە خوداییانەی کە وەکو شەماڵی بەهار ناسك بوون، ئینجا گوێم لێبوو دەیوت: ئێستا ئازاری من دەستیپێکرد... لە لووتکەی چیاکە هاتە خوارێ بە پێیە پەتییەکانی بەسەر بەردە تیژەکاندا دەرۆیشت و وردە زیخ لە پێشیەوە دەکەوتە ناو خەرەندەکەوە.

**دوو شێت**

دوای هەر بانگدانێك بە شەقامەکانی گونددا دەسورایەوەو ئەم ستایشەی دەوتەوە: دەرگایەك بە رووی ئاسمانا بکرێتەوە ئەوە دەرگای خوایە، دەرگایەك بەسەر دەریادا بکرێتەوە ئەوە دەرگای ئاگرە، دەرگایەك بۆ

چاکە بکرێتەوە ئەوە دەرگای دۆلارە، دەرگایەك بە رووی خەما بکرێتەوە ئەوە دەرگای زیندووەکانە، دەرگایەك رووەو خۆرهەڵات بکرێتەوە ئەوە دەرگای کامەرانییە، دەرگایەك رووەو خۆرئاوا بکرێتەوە ئەوە دەرگای مەرگە، دەرگایەك بە رووی دنیادا بکرێتەوە ئەوە دەرگای ئازارە، وا منیش لە سەرەرێی دەرگاکاندا وەستاوم، هیچ دەرگایەك بۆ دڵم ناکرێتەوە.. پرسیم ئەمە کێیە؟ پێیان وتم: ئەوە شێتی گوندەکەیە لێی نزیك نەکەویتەوە لەوانەیە ئازارت بدات، بەڵام من گوێم بە ئامۆژگاریو ئاگادارکردنەوەکانیان نەدا.. لە پشتەوە جلە شڕەکانی پیاوەکەم راکێشاو گرتم، پێکەوە رێمانکردو کەوتینە وتنەوەی ستایشەکانو شتی تریشم بۆ زیادکرد.

**نامۆیی**

لە قوتابخانە هاتینە دەرێ، خۆر هەناسەبرکێی بوو بەو ئاسمانەوە کە رەنگی بۆ شینێکی کاڵەوەبوو گۆرابوو.. قیرەکە توابۆوەو بەملاوئەولای رێگەکەدا هاتبووە خوارێ، بەرگەکان شەلاڵی ئارەق بوون، ئۆتۆمبیلی مازداو نیسانو کریسیداو کرۆنا وەکو جنۆکەی هار بە بەردەمماندا فرتەیان دەکردو لە چاو تروکانێکدا دیارنەئەمان، لەو شەقامە درێژەدا ئێمە تەنیا بووین، وتی: کە گەیشتینە ماڵەوە پشوو دەدەین، پێموت: چۆن؟ هێشتا چێشتخانەو نان ئامادەکردنمان ماوە؟ ویستم لەسەر قسەکانم بەردەوامبم، بەڵام دوا رستەی رایگرتم، چەند رۆژێك دەبێ وەکو شێتەکان ورێنە دەکات، منیش هەر مەرایی دەکەم بۆ ئەوەی توورە نەبێت، بۆ نموونە دوێنێ پێش خەوتن چوومە ژوورەکەی، بینیم کۆمەڵێك گۆڤاری لە بەردەستایە، زۆربەیان گۆڤاری ژنانە بوون، وێنەی ژنە جوانەکانی هەڵدەبژارد، وێنەی ژنە نمایشکارەکانی جلوبەرگو ئەکتەرەکانی سینەما، لەسەرخۆو وریایانە دەیبرین، وتی: نەکا قاچێك یان سنگێك برووشێنمو خوێنی لێبێتو ئەو فریشتانە ئازار بچێژن. بەیانی بینیم هەرچی دیواری ماڵەکە هەیە بە وێنەی نەبیلە عوبێدو شیریهانو ئیلهام شاهینو لەیلا عەلەوی داپۆشیوە، بە چرپە باسی ئەوانی بۆکردمو وتی: با خەبەریان نەبێتەوە، ئەمشەو پێکەوە هەر خەریکی قسەوباس بووین هەتا رۆژ بۆتەوە ئەوسا لە قسەی رێپێدراو بێدەنگ بووین.. لە رێگاماندا بەرەو قوتابخانە بەگوێمدا چرپاندی: ئەمرۆ بۆ نانی نیوەرۆ ماندوو نابین، دوێنێ ئیلهام شاهین پەیمانی پێدام خوانێکمان بۆ ئامادە بکات وەکو خوانی پاشاکانی حیرە. وەڵامم نەدایەوە، خەوی زراندبووم بە قاقای بەرزی پێکەنینەکانیو دەنگی هەوا سازەکەو هەرای رێکۆردو تەلەفزیۆنەکە. کە گەیشتینە بەردەم دەرگاکەو کلیلەکەم خستە نێو قفڵەکەوە، دەرگاکەم پاڵدا لەبەردەم دەرگاکەدا بە حەپەساوی وەستام بۆنی شتی برژاوم دەکردو گوێم لە دەنگی قاپوقاچاخیش بوو لە چێشتخانەکەوە.

**خوان**

هەر ئەوکاتەی مەلا بانگدەداو دەڵێ: نوێژ لە خەوتن باشترە ئەی بەندەکانی خودا، ژنەکە خەو لە رووخساری دەتەکێنێو هەڵدەستێتە سەرپێ، خۆی دەشواو نوێژدەکات، ئینجا دەچێتە چێشتخانەکە، قاوەی بەیانیی بۆ ئامادە دەکاتو دەست دەکات بە ئاو گەرمکردن، ئەو ئاوەی کە پیاوەکە خۆی پێدەشوات، پاشئەوەی لە شەفتی شەوانەی دەگەرێتەوە لە کانەکانی فۆسفات.

ژنەکە لە سەعات شەشدا لە ئیشەکانی بۆتەوە، دەستدەکات بە خوان ئامادەکردن، فنجانی تایبەتی هەڵدەبژێ، هەمیشە سەلاجەکەش پاك رادەگرێ بە جۆرێ ئاوی چاو ببات. ئینجا دەچێتە حەمامەکەو سەیرێکی خاولیو شامپۆو سابوونەکە دەکاتو نیگایەکیش دەگرێتە ئەو هەڵمەی لە سەتڵە ئاوە گەرمەکە هەڵدەستێ، لێوی بەزەردەخەنەیەکی رازیبوون دەکشێ.

دوایی دەگەرێتەوە بەدیار خوانەکەوە دادەنیشێ تا شووتی کانەکە لێدەدرێو بانگی تیمی کارکردنی بەیانیان دەکات، ژنەکە هەڵدەستێتو دەرگاکە دەکاتەوە بۆ ئەو پیاوەی لە هەناوی چیاکەوە دێ.. ئەو پیاوەی رێگای گەرانەوەی لەیادکردووە..

**بەنگاڵی**

یەکسەر بەدواما هاتە ژووری خەوتنەکە لە نەخۆشخانەی مەلیك فەیسەڵ لە تائیف، بەرگی خەوتنی تایبەت بە نەخۆشخانەکەی بە دەستەوە بوو، کە لەسەر قەراغی سیسەمەکە دانیشتم، بەرگەکەی دامێو لێی پرسیم: هاورێ، تۆ میسرییت؟

وەڵامم دایەوەو هەموو خەمەکانی دونیا لە لێومەوە هاتە دەرێ: نا، من تونسیم.

رامانم لە چاوانیا بینی، گوێم لێبوو چەند جارێ دەیوت: تونسی، ئینجا هەروەکو شتێکی بیرکەوتبێتەوە کە دەیزانیو لەبیری چووبووەوە، هاواریکرد: باکوری ئەفریقا.

بێ ئەوەی هیچ بڵێم، زەردەخەنەیەکم بۆکرد، گەرامەوە لای خەمەکانمو نەخۆشیو غەریبیم، فرمێسك بەسەر رووومەتما هاتە خوارێ، ئینجا دامە پرمەی گریان، کە چاوم کردەوە بینیم لەسەر سیسەمەکەی بەرامبەرم دانیشتووە، بە لەپی دەستی فرمێسکەکانی دەسرێ، نەمزانی کە ئاخۆ بۆ غەریبیی من دەگری یان بۆ غەریبیی خۆی.

**سوڵتانی سەگەکان**

سەگی سەر زەوی کوری مامی داوەتکرد کە سەگی دەریایە بۆ ئەو شارەی تیا دەژیا، سەگی دەریا سەرسامبوو بە ژیانی سەر زەویو بەو هەموو هەراو زەنایەی تیایەتی، دوای ئەوەی گەران بەنێو شاردا ماندوویکردن، گەرانەوە ماڵی خاوەن سەگی سەر زەوی، بە نێو کۆشكو باخچەکەیدا گەرانو چێژیان لە جوانیو خۆشییەکانی وەرگرت، ئینجا لە ژێر سێبەری دار یاسەمینێکی سەوزدا پشوویاندا، لەو کاتەدا سەگی سەر زەوی پرسیاری لە کورە مامەکەی کرد لەبارەی گوزەرانییەوە، ئەویش پێی وت کەوا خاوەنەکەی هەموو ژیانی بۆ دابینکردووە بەرادەیەك خۆی بە سوڵتانی سەگەکان دەزانێ، لەبەر ئەو هەموو خێروبێرەی تیا دەژی، ئینجا لێی پرسی کە ئاخۆ حەزدەکات دەریا جێبهێڵێو بۆ هەتا هەتایە بەسەربەرزی لای ئەم بمێنێتەوە؟ ئەویش تکای لێکرد فرسەتێکی بداتێ بیر لە مەسەلەکە بکاتەوەو لە هەموو لایەکەوە هەڵیسەنگێنێ. شەوێ خاوەنی سەگی سەرزەوی هاتو قایشی کردە ملیو بەدار یاسەمینەکەوە بەستییەوەو گەرایەوە کۆشکەکە، بە درێژایی شەو سەگەکە وەریو چاوی نەچووە خەو تا بەرەبەیان، کە لە خەو خەبەری بووەوە، کورە مامەکەی نەدۆزییەوە ئەوەی سەگی دەریاییەو پێخەفەکەی ساردو سر بوو.

**دوو دڵدار**

هەردووکیان لە بەردەمی کارمەندی پرسگەکەدا وەستابوون، لە گۆرەپانی ئوتێلە کەشخەکەدا، بەرگەکانیان سەیر بوو، هەر بە جلوبەرگی کاهینەکانی دەکرد، هەریەکەیان سۆڵێکی چەرمینی لەپێدا بوو، وەکو ئەوەی لای ئێمە لە تونس خەڵکی ئەو بیابانەی لە باشوورەوە دەگاتە لای شەتی جرید وەستایانە دروستیدەکەن، بەردەستەکەش بە بەدلەو کاسکێتەوە لە دوایانەوە وەستابوو، جانتایەکی گەورەو تازەی هەڵگرتبوو.

ژنە سفوورەکە چاویلکەیەکی دژە خۆری لەچاودابوو و پیاوەکەی تەنیشتیشی بە رووپۆشی تەوارق دەمی هەڵبەستبوو، کارمەندی پرسگەکە بەدەم بەخێرهێنانو زەردەخەنەوە داوایکرد: ناسنامە یان پاسپۆرتەکەیانی بدەنێ، پیاوەکە دوو پاسپۆرتی لە گیرفان دەرهێناو دای بە کارمەندەکەو داوای ژوورێکی گەورەی کرد بەسەر دەریادا بروانێو لە قاتی دەیەم بێ. کارمەندەکە بە سەر لەقاندنێك رەزامەندیی خۆی نیشانداو دەستیکرد بە پرکردنەوەی فۆرمەکە لە سەرووی یەکەم فۆرم نووسیی، ئەسافو لە سەرووی دووەم فۆرم نووسیی، نائیلە.

**پەراوێز:**

ئەسافو نائیلە، ژنو پیاوێکی عەرەبی عاریبە بوونو لە کەعبەدا سێکسیان کردبوو، بۆیە بووبوون بە بت.

**خوێنی باوکم**

سەبەتەکە لە دەستی مناڵەکە کەوتە خوارەوە، دڵی مناڵەکە بەربووە سەر قیرەکە، سەبەتەکە کەوتە خوارێ، سەبەتەکە بوتڵی شەرابی تیابوو، شەرابە سوورەکە بەسەر قیرەکەدا رژا، مناڵەکە یەك چرکە بە تۆقیوی وەستا، ئینجا کەوتە سەر ئەژنۆیو دەستیکرد بە کۆکردنەوەی پارچە شوشەکانی بوتڵەکە، بەسەر شەرابەکەوە کەفێکی سپی کۆبووەوە.. مێش تێیدا، مناڵەکە بە خۆڵ بەربەستێکی دروستکرد، شلەمەنییە سوورەکەی تیا گلدایەوە، مناڵەکە هەردوو مەچەکی دادا، بۆ بیرخستنەوەشتان، مەچەکەکانی لاواز بوون، زۆر لاواز.

مناڵەکە مەچەکی دادا، پارچە شوشەی بوتڵەکەی کۆدەکردەوەو دەینووساندەوە بە یەکەوە، دەیویست بوتڵێکی تازە دروستبکات، بۆ هەوڵنەدا؟

خوێنی رژا، خوێنی بەسەر قیرەکەدا رژا بە دەستی راستی بەربەستێکی تری دروستکرد، ئینجا بە دەستی

چەپی ئینجا بە هەردوو دەستی..

منداڵەکە کەوتە سەر ئەژنۆو هاواریکرد: شتێکم بدەنێ (نەیدەزانی چی داوابکات) خوێنی باوکمی تیا کۆبکەمەوە.. خوێنی خۆشم.

**دایکایەتی**

ئێوارێ بینیم لەسەر لای چەپی راکشابوو، شیری دەدا بە تووتکەکانی، چاوانی هەنگوینیو کراوەبوون، پێنج تووتکەکە دەمیان نابوو بە گوانەکانییەوەو بەچنگە وردیلەکانیان دەیانگرتو سەگەکەش لەسەر لای چەپی نووستبوو.

سەگەکەمان کە قەت ناونەنرابوو، ئەوەی هەموو رۆژێ پێش باوکم دەکەوت بۆ کێڵگەکە تا ئێوارە نەدەگەرایەوە، بە غەریبان دەوەرِیو بە دۆستانیش دڵخۆش دەبوو، لەبەردەم تەویلەی ئاژەڵەکاندا زستانو هاوین پاسیدەکرد.

لە بەیانیدا

بینیم لەسەر لای چەپی راکشاوەو شیر دەدا بە تووتکەکانی، کۆمەڵێ مێشی سەوزیشی تێئاڵاوە، لێی نزیك بوومەوە تووتکێکیم هەڵگرت، شیر بە لمۆزیا هاتە خوارێ، ترسا بەرمدایەوە، گەرِایەوە لای گوانەکەو دەستیکردەوە بە شیر مژین، دیسان بەرزمکردەوە، دیسان شیر بە لمۆزیا هاتە خوارێ، مێشە سەوزە بەگیزە گیز بەسەر سەگە تۆپیوەکەوە نیشتووە.

**دەموچاوێك لە ئاوێنەکەدا**

لە پەنجەرەی ماڵەکەی خۆیەوە روانیی، دەموچاوی خۆی لە ئاوێنەکەی ماڵی کچە دراوسێکەیاندا بینی کە پەنجەرەکەی بەرووی ئاسماندا واڵاکردبوو، زمانی لێدەرهێنا، چاوی لێداگرت، برۆی لێهەڵتەکاند، کە گوێی لە دەنگی پێی کچە دراوسێکەیان بوو، رایکردو پشت پەنجەرەکەوەی بەردا، بەڵام دەموچاوەکەی لەوێدا مابووەوە گاڵتەی بەو ترسنۆکییەی دەکردو چاوی لە کچە دراوسێکەیان دادەگرت.

**دووپشك**

زیاد لە جارێك چووە بەردەرگا، رامان بە هەوادا دەخولایەوە، ئینجا هەروەکو قورقوشمی تواوە بەسەر شانەکانییەوە دەنیشتەوە، دەرگاکەی بە نیوەکراوەیی جێهێشتو گەرایەوە ژوورەوە، تەلەفزیۆنەکەی داگیرساند دوای دەقیقەیەك کوژاندییەوە، شریتێکی خستە ناو ریکۆردەکەوە، پێش ئەوەی مۆسیقاکە بەرزبێتەوە دەریهێنایەوە، لەسەر سیسەمەکە پاڵکەوت، چاوانی داخست، لەپر هەستا، بەرەو دیوارەکە چوو و یەك بۆکسی پێداماڵی، ئەو ئازارەی لەپر لە مەچەکی هەڵسا لە ژێر سەعاتەکەی دەستیدا تۆقێنەر بوو، بەردەوام پیادەچزا چرکەیەك دەوەستاو تیژتر بۆی دەهاتەوە، مەچەکی خوران تا خوێنی پیا هاتە خوارێ، قۆڵی ئاوسا، گەرایەوە لای دیوارەکەو بە توندی پیادەماڵیو لە لێدانی نەکەوت تا هێزی تیانەما، ئەو کاتەی لە بن دیوارەکەدا کەوت، چرپاندی: پێوەدانی ئەو دووپشکە چەند پیس بوو.

**ژیاننامەی ئیبراهیم دەرغوسی**

چیرۆکنووسو رۆماننووسو وەرگێرێکی تونسییە، ساڵی ١٩٥٥ لە تونس لەدایکبووە، مامۆستایەو جێگری سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی تونسە..

پێنج کۆمەڵە چیرۆکو شەش رۆمانی هەیە کە لەنێوان ساڵانی ١٩٨٩ بۆ ٢٠٠٦ نووسیونی. کۆمەڵە چیرۆکەکان بەناوی (النخل يموت واقفاً، الخبز المر، رجل محترم جداً، كأسك يا مطر) رۆمانەکانیش بەناوی (الدراويش يعودون الى المنفى، القيامة الان، شبابيك منتصف الليل، اسرار صاحب الستر، وراء السراب قليلاً، مجرد لعبة حظ). لەبواری وەرگێرانیشدا کۆمەڵێ کتێبی هەیە کە هەندێکیانی لە عەرەبییەوە وەرگێراوە بۆ فەرەنسیو هەندێکیشیانی لە فەرەنسییەوە وەرگێراوە بۆ عەرەبی.. چەندین خەڵاتی ئەدەبیی وەرگرتووە بۆ کورتە چیرۆکو رۆمانەکانی.